# تیۆری کۆنستراتکتیڤیزم لە سیاسەتی دەرەوە

## سەرەتاکانی گەشەکردنی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم

تیۆری کونستراکتیڤیزم لە کۆتای هەشتاکاندا هاتە نێو بورای پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان، بە جۆرێك کە توانی بەربەرەکانێ تیورەکانی تری وەك ریالیزم و لیبرالیزم بکات. هەرچەندە کۆنستراکتیڤیزم پێشتریش لە بواری زانستە کۆمەلایەتیەکاندا رۆلێکی کارای هەبوو. ئەم تیۆرە لە رێگای نوسینەکانی ئەلکساندر وندت و فردریك کروتشویل و نیکۆلاس ئۆنوف توانی پەرە بسەنێت بە تایبەتیش لە رێگای پەرتوکی "تێوری کۆمەلایەتی لە سیاسەتی نێودەولەتیدا" theory of social international politics, کە لە لایەن Alexander Wendt نووسراوە.

## گریمانە سەرەکیەکانی ئەم تێورە Basic assumptions :

1- ئەم تێورە خاوەن دیدگایێکی جیاوازە بە بەراورد بە تێورەکانی تری پێوەندیە نێودەولەتیەکان بە تایبەتیش لە بوراەکانی: بەرژەوەندی نیشتمانی، شوناس، ئاسایشی نەتەوەیی). کۆنسێرڤاتیستەکان گرنگی بە هێزە ئەکتیڤەکانی تری جگە لە دەولەتیش دەدەن، وەك رێکخراوە نێودەولەتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان. جگە لەوەش کۆنستراکتیڤەکان تەرکیزی سەرەکیان لەسەر فاکتەرە ئەپستمولۆجی خودیەکانە کە بەرهەمی کارلێکی پێوەندیەکانی نێوان ئەم یەکانەن.

2- کۆنستراکتیڤەکان دەلێن کە بونیادی سیستمی نێودەولەتی structure of international system بونیادێکی کۆمەلایەتیە کە کۆمەلێك بەهاو یاساو رێسا دەگرێتە خۆ. لە هەمان کاتدا ئەم بونیادە کاریگەری لەسەر شوناسو بەرژەوەندی ئەکتەرەکان (فواعل) هەروەها رەفتاری دەڵەتان هەیە.

3- کۆنستراکتیڤیزم وا سەیری سیستمی نێودەوڵەتی دەکات کە پرۆسەیێکی بەردەوامە لە کارلێکردن لە نێوان بکەرەکانو خودی بونیادەکە .لە روانگەی ئەوان جیهان پرسێکە کە بەردەوام

لە نوێبوونەوە دایە، پەیەستە  بە تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤ .ئەمەش تا رادەیەك هەلوێستێکی جیایە لە هەلوێستی ریالیستو لیبرالەکان سەبارەت بە دیدگایان بۆ بونیاد.(structure)

4- خاڵی دەسپێکی کۆنستراکتیڤیزم لەو گریمانەیەوە دەست پێدەکات کە پێیوایە ئینسان بوونەوەرێکی کۆمەلایەتیە. بەو واتایەیە کە ئەوە پێوەندیە کۆمەلایەتیەکانن کە خەڵکیان وا لێکردووە بەو شێوەیە بێت کە ئێستا هەیە .لە بەرامبەریشدا ئەوە ئێمەین ئەو جیهانە پێکدێنین کە لە دەوروبەرمانە، گوتنەکانییش) الاقوال (هەروەها دیدگا بینی ئێمە بۆ یەکتری دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتی ( structure of international system) .

## چەمکی دەوڵەتو هێز لە روانگەی کۆنستراکتیڤەکانەوە: State and power

کۆنستراکتیڤەکان پێیان وایە کە ناکرێت سیاسەتی نێودەولەتی تەنیا لە رێگای ستراکتۆری سیستمی نیودەولەتی شروڤە بکرێت وەك ئەوەی ریالیستە نوێکان دەیلێن کە بونیادی سیستمی نێودەولەتی ( دابەشکردنی هێز لە سیستمی نێودەولەتی) بە شیوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی دەولەتان .

لە بەرامبەردا کۆنستراکتیڤەکان پێیان وایە رەفتاری دەولەتان (state behavior) دەرەنجامی ئەو پێوەندیە کۆمەلایەتیانەو کارلێککردنیانە لە گەڵ بونیادی سیستمی نێودەولەتی واتا واقع ، کە چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی بۆ رێساو بەهاکان دروست دەکات و دواجاریش دەوڵەتەکان بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن.

چەمکی هێز power بۆ خۆی بونیادێکی کۆمەلایەتیە کە ماناو کاریگەریەکانی دیاریدەکرێت لە رێگای کارلێکردنی لەگەل بکەرەکانی تری سیستمی نێودەولەتی و ئەو بونیادەی کە پێکدێت لەو کارلێکە. سیاسەتی دەولی مەرج نیە تەنیا مەحکوم بێت بە هێزو بەرژەوەندی، چونکە چەندان پرەنسیپو بەهاو چەمکی تر هەن وەك سەروەری و دەستێوەرنەدان کە بوونەتە بەشێك لەو چوارچێوەیە.

## چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانی National interest

چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانی لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا یەکێکە لە گرنگترین چەمكو لە هەمان کاتیشدا ناروونترین چەمکیش. لە روانگەی ریالیستەکان دەولەت خاوەنی ئەو چەمکەیە کە پشـت دەبەسـتێت بە کۆمەلێك بنەما کە گرنگترینیان بریتیە لە: شـوێنی جیوگرافی دەولەت، ئەو سەرچاوانەی کە هەیەتی، ژمارەی دانیشتوانی، ئامانجە ستراتیجیەکانی دەولەت و فاکتەرەکانی تر.

بەلأم ئەوەی تایبەت بێت بە کۆنسـتراکتیفەکان بەرژەوەندی نیشـتمانی پرۆژەیێکی بەردەوامەو دەگۆرێت بە گوێرەی زەمەن و پێوەندیە کۆمەلأیەتیەکانی بکەرەکان. کۆنسـتراکتیفەکان زۆر گرنگی دەدەن بە پێوەندی نێوان بەرژەوەندی و شـوناسـی نیشـتمانی و دیاریکردنی بیرۆکەی بەرژەوەندی، کۆنستراکتیفەکان باوەریان وایە کە شوناسو فکرەکان و بەرژەوەندی ئەو چەمکانەن، بە جیا لەیەکتری ناتونرێت قسەیان لەسەر بکرێت.

## گرنگی شوناس لە تیۆری کۆنسێرڤاتیزم ( Identity)

کۆنسـتراکتیفەکان پێیان وایە کە ئەوە شـوناسـیە کە رۆڵی ئەکتەرەکان دیاری دەکات لە پێوەندیە نیودەولەتیکاندا، بۆیە ئەکتەرەکە بەزۆری ئەو رولە دەگێرێت کە گونجاوە لەگەلٚ ئەو رولٚەی کە شوناسکە بۆی دروستکردوون. بۆ نموونە کۆمەلێك تویژینەوە گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم باوەربوونی ئەلمانەکان بەوەی کە ئەلمانیا بەشـێکە لە ئەوروپا و هەروەها وەك ئەندامێکیش لە ل٥ یەکێتی ئەورپا بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی سیاسـەتێکی تری جیا لەوەی پێشو کە ئەلمانیا پێی وابوو رەگەزی بالان لە ئەورپاو جیهان.

کۆنستراکتیفەکان پێیان وایە شوناس بە ئاسانی گۆرانکاری بەسەردا نایەت تەنیا ئەگەر گۆرانێکی گەورە روو بدات کە وابکات بکەرەکان دووبارە تێکەلی پێوەندی کۆمەلایەتی نویٚ ببنەوەو بە جۆرێك کە ببێتە هۆی دروستبوونی شوناسیێکی تازە، بۆ نموونە جەنگی جیهانی دووەم بۆ ئەوپا،

یانیش ڕووداوەکان ی 11 سـێپتەمبەری 2001 بۆ ولاتە یەکگرتووەکامی ئەمریکا ئەو رولەی بینی لە دروستکردنەوەی شوناسیێکی تر، یان تۆخکردنەوەی شوناس کۆنەکە.

لە دەرەنجامدا، دەتوانین بلێین کە کۆنستراکتیڤەکان چاوی سەرەکیان لەسەر رۆلی فەرهەنگ ( culture) و بەها و(Value) ، شوناس (identity) و بەرژەوەندی (interest) یە لە دروستکردنی سیاسەتی جیهانی، کە ئەمەش دواجار جۆرێك لە سیستمی نێودەوڵەتی پێکدێنیت. کۆنستراکتیڤەکان پێیان باشە کە دووبارە خوێندنەوە بۆ مێژووی سوسیۆلوجی مروڤایەتی بکرێتەوە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی پێوەندیە نێودەولەتیەکان بە پێی چەمکە تازەکان.

کۆنستراکتیڤەکان بۆ ناسینی هەڵسوکەوتی دەوڵەتو هێزەکانی تر پشتیان بەستووە بە هێزی بیرو هۆشداری مرۆڤ و شارستانیەتەکان و رۆڵیان لە دروستکردن و پێکهێنانی رەفتاری نێودەوڵەتی، بۆ هەر یەکە لە کاراکتەر نێودەولەتیەکانو بونیادە کۆمەلایەتیەکان. هاتنی رووداوەکانی 11 سـیپتەمبەر تەکانێکی تری دا بە دیدگای کۆنستراکتیڤەکان بە تایبەتیش تیزەکەی ساموئیل هنتگتن بە ناوی پێکدادانی شارستانیەتەکان، کە بریتیە لە دابەشکردنی جیهان بە پێی بونیادی فەرهەنگو شوناس و شارستانیەتەکان.

## تێروانینی کونستراکتیڤەکان بۆ کۆمەلێك چەمکی گرنگ:

| تاك | کاراکتەرێکی سەرەکیە بە پێی پێگەی لە کۆمەلگاو نوخبەدا |
| --- | --- |
| دەولەت- state | بونیادێکی کۆمەلایەتی و بکەرێکی سیاسیشە |
| سیستمی نێودەولەتی International - system | پێکدێت لە بونیادێکی مادیو بونیادێکی کۆمەلایەتی بەلام بونیادە کۆمەلایەتیەکەی گرنگترە |
| بەرژەوەندی نیشتمانی National - Interest | دیاریدەکرێت لە رێگای کارلیکردنی بکەرەکەو بونیادەکە (واتا دەولەتو بونیادی سیستمی نێودەولەتی) |
| ئاسایشی نەتەوەیی- National security | ئەویش دیاریدەکرێت لە رێگای پرۆسەی بەردەوامی کارلیکردنی نێوان بکەرەکەو بونیادەکە |
| شوناس Identity - | ئەمە گرنگترین چەمکە لە لای کونستارکتیڤەکان، کە دیاریدەکرێت لە رێگای کارلێکردنی نێوان بکەرو بوونیاد رۆلیشی دەبێت لە دیاریکردنی هەلسوکەوتی بکەرەکە. |